## جێ بەجێ نەكردنی مادەی 58 كەم تەرخەمی هەردوو حزبی كوردی تێدایە

ئەم راستیە لای هەمۆ خەڵكی كەركوك ئاشكرایە لە ماوەی سیانزە ساڵی ئاوارەبوونی خەڵكی كەركوك بەرنامەیەك نەبووە بۆ ناۆ كەركوك بۆ ئەم راستیە لە یەكەم رۆژی ئازادی دا لیپرسراوی یەكەمی حزبێك لە كورد سات ووتی ئیمە شارەزایمان لە ناۆ كەركوك نەبوو بەڵی. تا ئەم ساتە بەرنامەیەكی كوردی نیە بۆ كەركوك بەڵكو هەر حزبەو بەرنامەیەكی حزبی هەیە زیاتر بۆ خزمەتی تاكەكانی ناۆ حزبەكانیان بە پێچەوانەی ئەحزابی كوردی هەمۆ ئەحزابی عەرەبی بەراست و چەپ و ئیسلامیەوە لە بەغدا وەك حكومەتی ئیراقی یەك بەرنامەیان هەیە بۆ كەركوك لە خزمەتی عەرەبی ئیراقدایە بە ئاشكرا بۆ هەر عەرەبێك حەوت هەزار دۆلار سەرف دەكریت بەڵام ئەو دوو حزبە حەوت دۆلار بۆ ئاوارەكان سەرف ناكەن.
ئەنجومەنی ناۆ كەركوك لە بێ دەسەلاتیدا وەك هەر هاوولاتیەك دەپارینەوە وەك نوینەری خەڵك قسە ناكەن وە لەناۆ خویاندا كێشەی حزبی یان هەیە

## ئیمە پێشنیار دەكەین بۆ هەردوو حزب و حكومەتی سلیمانی و هەولیر

1-بۆ هەر ئاوارەیەك سەد ملیون دینار سەرف بكرێت وەكو قەرزیك بە شێوەیەكی یاسایی لە سەریان بنوسریت هەر كات قەرەبووی ئاوارە كرایەوە ئەو پارانە وەربگرنەوە چونكە بریار وایە بۆ هەر عەرەبیك حەفتاو پێنج ملیون دینار سەرف دەكرێت وە خانوەكانیشیان بفروشن
2-نوینەرانی ئەنجومەن ئەگەر لە ئاستی ئەو كارە بن دەتوانن هەرچی ماڵە عەرەب لە 2003 هاتونەتە كەركوك بە شێوەیەكی یاسایی دەریان بكەن وەك ئەو ریكەوتنەی نیوان كوردوو بەغدا كراوە
3-ئەو ئەنجومەنەی كەركوك لە یەكەم كەسەوە هەمویان بگوردرین
4-رێگە نەدەن بە هێچ كوردیك خانوی كوردوو توركمان بكرێت تەنها خانوی عەرەبەكان بكرن چونكە دەسەڵاتدارانی كورد زەوی و خانوی كوردوو توركمانیان كریوە بۆ خۆیان لە ناۆ كەركوك
5- ئەو دوو حزبە واز لە كێشەی حزبایەتیی یان بهینن لە ناۆ كەركوك
6 – لەگەڵ گەرانەوەی هەمۆ ئاوارەكان خانوو بۆ هەمۆ كەسو كاری ئەنفالەكان دابین بكرێت لە ناۆ كەركوك
7 – لە شوینی ئەوەی سەدان كۆڕو كۆبونەوەی ئەو دوو حزبە ئەنجامی دەدەن بە ملیون دوولاریش سەرف دەكەن لە ژیر ناوی مادەی 58 یەك گونگرەیەكی كوردی ببەستن هەمۆ حزب و لایەنەكان بە شدار ببن بە كردەوەش بریارەكانی ئەو كونگرەیە جێ بەجی بكرێت
8_ئەو پارەیەی كە خۆی لە پەنجا ملیون دولار دەدا بەدەستی لیپرسراوی مەلبەندەوەیە بۆ بەهیز كردنی خۆی بەكاری هیناوە با بەكار بهینریت بۆ ئاوارەكان

9-داوا دەکەین لە دڵسوزانی پارتی ئەو خاینانەی دوینی نەکەنە دەسەڵاتدار لە کەرکوك وەك دلشاد پیرۆت کە زەوی زارە داگیرکراوەکانی کوردوو تورکمانی دەکرێ لە کاتی بەعسدا تا سەر ئیسك تێکەڵی بەعس بۆ ئیستا نوینەرە لە ئەنجومەنی کەرکوك

10 – ئەو دەیان ملیون دولارەی دەبەخشریتە عەرەب لە رێگەی ئەبو ئیبراهیمەوە کە بێ سودە بدریتە ئاوارەکان و کەسو کاری ئەنفالەکان

ئاگاداری هەمۆ خەڵکی کوردستان دەکەینەوە هەمۆ ئەو نوینەرانەی بۆ کەرکوك دیاری دەکرێت ئیمە ژیان نامەی هەمویان بڵاۆ دەکەینەوە لەباری خیانەت و بێ رەۆشتی و دزێتی و هەمۆ گەندەڵیەك

مالّی کەرکوك بۆ مافەکان m_karkuk@hotmail. com6-11-2005